سەرۆک کۆمار تەئکیدی لەسەر گرنگی هەماهەنگی نێوان هێزە سیاسییەکان کردەوە

سەرۆک کۆمار لەمیانی پێشوازیکردنی لە سەرۆکی هاوپێیمانی عومقی وەتەنی تەئکیدی لەسەر گرنگی هەماهەنگی نێوان هێزە سیاسییەکان کردەوە.

سەرکایەتی کۆمار لەهاگیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە باویکردەوە سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید ڕۆژی پێنجشەممە 22 ی ئایاری 2025 لە کۆشکی بەغدا پێشوازیکرد لە سەرۆکی هاوپێیمانی عومقی وەتەنی خالید ئەسەدی و وەفدی هاوڵی .

وتیشی لەکۆبوونەوەکدا سەرۆک کۆمار ستایشی سەرکەوتنی لووتکەی عەرەبی لەبەغدا کرد و بەیار و ئاسپاردە گرنگەکانی بەتایبەتی پێیوەست بەمەسەلەی فەلەستین کە ڕەنگدانەوەی پۆگەی عەراقی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە و ڕۆڵی گرنگ و بنیاتنەرانەی لەبەرەوپێشبردنی ئاشتی لەناوچەکەدا ئاماژە پەکرد و گرنگی بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیری کە خاڵی دەستپێکی سەرکییە بە چەندین پرۆگرامی گەشەپێدان و وەبەرهێنان و بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە ڕۆڵی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەبێت لەچارەسەرکردنی کێشەکان و کەکردنەوەی بیروبۆچوونی وەتان.

سەرەک کۆمار تەئکیدی لەسەر گرنگی کاری هاوبەش و هاریکاری و هەماهەنگی نێوان هێزە سیاسییەکان کردەوە لەپێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتیان و باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان لەڕێگەی بەدیهێنانی گەشەپێدانێکی گشتگیر.

ڕەشید باسی لەو هەوڵانە کرد کە خراوەتە گەڕ بە ئامادەکردنی سەرجەم مەرجەکانی سەرکەوتنی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان و ڕێنگدانەوەی خواستەکانی عێراقییەکان لە هەموو پێکهاتەکان و هەڵبژاردنەکان لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بە ئازادی و شەفافییەت.

لای خۆیەوە ئەسدی پشتیوانی هاوپێیمانێتی بە یەکگرتوویی و پتەوکردنی ئاسایش و سەقامگیری وڵات و باشترکردنی بارودۆخی گوزەرانی هاووڵاتیان دووپاتکردەوە و سوپاس و پێزانینی خۆی بە هەوڵەکانی سەرۆک کۆمار دەربڕی لەبەرەودان بە یەکگرتوویی نیشتمانی و کاری هاوبەشی نێوان هێزە سیاسییەکان.